ئەلێساندرۆ باریکۆ

# بەبێ خوێن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

ئازاد بەرزنجی

چاپی دووەم



CamScanner

پێشکەش دەکرد، کە یەکێک بوو لە بەرنامە سەرکەوتووەکانی ئەو کەناڵە و بۆ ساڵی دواتریش بە هاوکاری لەگەڵ "دیۆڤاننا زوکۆنی"دا بەرنامەیەکی ئەدەبییان ئامادە دەکرد، کە ناوی "Pickwick" بوو. پاش ئەمانەش باریکۆ لە تۆرینتۆ فێرگەیەکی بۆ هونەرەکانی گێڕانەوە دامەزراند کە ناوی نا "Holden" و تیایدا وانەکانی نووسین لەو بوارەدا دەڵێتەوە.

باریکۆ سەرەتا بە ڕۆمانی "قەڵاکانی تووڕەیی" ١٩٩١ وەکو ڕۆماننووس ناسرا و پاشانیش ڕۆمانی "ئۆقیانووس، دەریا" ١٩٩٣ی نووسی، بەڵام ناوبانگی ئەو وەکو ڕۆماننووسێک لە ڕۆمانی "ئاوریشم"ەوە دەست پێ دەکات کە ساڵی ١٩٩٦ نووسیویەتی و هەر زوو بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا تەرجەمە کرا و خوێنەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

بەر لە ئاوریشم و لە ساڵی ١٩٩٤دا کارێک دەنووسێت کە لە بنەڕەتدا ناوی لێ دەنێت مۆنۆلۆگێکی درامایی، بەڵام دەتوانین بڵێین فەزای ڕۆمان زیاتر بەسەریدا زاڵە، ئەو کارەشی "نۆڤیچێنتۆ"یە، کە دواتر کرا بە فیلمێکی سەرکەوتووی سینەمایی بە ناوی "ئەفسانەی ١٩٠٠"ەوە، کە ئەکتەری بەتوانا "تیم

ڕۆس" دەوری پاڵەوانەکەی تیا دەبینێت و بریتییە لە بەسەرهاتی ئەو پیانۆژەنە سەرسوورهێنەرەی کە بە منالی لە کەشتییەکدا بە فڕێدراوی دەدۆزرێتەوە و دواتر دەبێتە پیانۆژەنێکی بێوێنەو تەواوی ژیانی لەناو ئەو کەشتییەدا و لەگەڵ ئۆقیانووس و شەپۆلەکانی دەریا و مۆسیقا و عیشقێکی نامۆدا بەسەردەبات، هەرگیز لەسەر ئەو کەشتییە دانابەزێتە سەر زەوی و بە دونیای سەر زەوی و شارەکان نامۆیە، گەرچی لە خەڵکی شارەکان وردتر دەتوانێت باس لەو شارانە بکات. دوا ساتیش کە بە دینامیت کەشتییەکە دەتەقێننەوە، نۆڤیچێنتۆ هەر ئامادە نییە ناو کەشتییەکە جێبهێڵێت و هەر لەوێ، لەگەڵ یادەوەرییە ئاوییەکانیدا گیانی بە دەریا و جاویدانی دەسپێرێتەوە.

ئەم ڕۆمانەی ئێستا لە بەردەستی خوێنەردایە (واتە ڕۆمانی "بەبێ خوێن") دوای ئەو کارانەی سەرەوە دێت و لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت: بەشی یەکەمی ڕووداوەکان لە کێڵگەکەی مانوێل ڕۆکادا ڕوو دەدەن کە کابرایەکی دکتۆرە و کاتی خۆی، واتە لە ڕۆژانی جەنگدا (کە دیار نییە چ جەنگێکە و لە کوێیە، ئەگەرچی بە ناوی کارەکتەرەکاندا وا دەردەکەوێ شوێنی

ڕووداوەکان ئیسپانیا بێت) بەرپرسی نەخۆشخانەیەک بووە، کە پیدەچی دەستی لەگەڵ دەسەڵاتدا تێکەڵ کردبێت و شۆڕشگێڕەکان بەوە تاوانباری دەکەن پیاوی دەوڵەتە و دەستی لە کوشتنی ئەو شۆڕشگێڕە زامدارانەدا هەیە کە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە دەبرێن تا لەوێ چارەسەر بکرێن.

ئەم دکتۆرە (ناوی سالیناسە) خۆی و کوڕەکەی و کچە منالەکەی (نینا) لەوێ دەژین، لەو خانووەدا کە کەوتووەتە ناوەڕاستی مەزراکەوە.

کە ڕۆمانەکە دەست پێ دەکات چوار چەکدار بە مارسیدسێکەوە دێن بۆ ئەو کێڵگەیە و دکتۆر ڕۆکاش بە مەبەستی پاراستنی خۆی و دوو منالەکەی، دەست ئەداتە تفەنگێک و تفەنگێکی .تریش ئەداتە دەست کوڕە بچووکەکەی، بەڵام نینای تەمەن پێنج ساڵان لە ژێرزەمینێکی بچکۆلەدا دەشارێتەوە.

لە دیمەنێکدا کە زیاتر لە دیمەنی فیلمە کاوبۆییەکانی هۆلیوود دەچێت، چەکدارەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکە و دکتۆر و کوڕە منالەکەی دەکوژن. لاوترین چەکدار تیایاندا کوڕێکی بیست ساڵانە کە بە (تیتۆ) بانگی دەکەن، چاوی بە دەرگای ژێرزەمینەکە دەکەوێت و

دەیکاتـەوە، دەبینێت کچێکی منـاڵ لەناویـدا ڕاکشـاوە، بـەڵام تیتـۆ کاتێک سـەیری ڕوخسـاری کچەکـە و شـێوەی ڕاکشـانەکەی دەکات، هەسـتێکی نامـۆ وای لـێ دەکات دەسـتی تێنەچێت، هـەر بۆیـە دەرگای کونەکـەی بەسـەردا دادەخاتـەوە و نایکوژێت.

هەرچواریـان خانووەکـە جێدێڵـن و تیتـۆش ئـەو نهێنییـە لای ئەوانـی تـر نادرکێنێت. بـەڵام یەکێک لـەو سیانەی تـر دەگەڕێتـەوە و ئاگر لـە ماڵەکـە بەرئـەدات.

ڕووداوەکانی بەشـەکەی تـری ئـەم ڕۆمانـە بـە دەیان ساڵ دوای ئەوە لە شـارێکدا ڕوو ئـەدەن، کاتێک دەبینیـن ئافرەتێک لـە شـەقامێک دەپەڕێتـەوە و بـەرەو کۆشـکی کابرایەکی یانسـیبفرۆش دەچێت. ئافرەتەکـە کـە تەمەنـی هەیـە، داوای یانسـیبێک لـە کابـرا دەکات و دواتـر هەنـدێ پرسـیاری لـێ دەکات، پاشـان بـۆ کافییـەک دەعوەتـی دەکات، کابـراش لەگەڵـی دەڕوات.

وردەوردە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کـە ئـەم ئافرەتـە بەتەمەنـە "نینا"یـە و کابـرای یانسیبفرۆشـیش "تیتۆ"یـە، کـە نینـای لـە مـردن ڕزگار کـرد.

تیتـۆ (کـە نـاوی ڕاسـتەقینەی پێدرۆیـە) دەزانێت ئەمـە نینایـە و هاتـووە تـا تۆڵـەی کوشـتنەکەی باوکی و براکەی

لێ بکاتەوە، وەک چۆن تۆڵەی خۆی لەو سیانەی تر کردووەتەوە و هەرسێکیان کوژراون.

کاتێک لە کافێکە دادەنیشن، دەکەونە گفتوگۆیەکی درێژەوە کە تیایدا پتر بە باکگراوەندی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان ئاشنا دەبین، دەزانین کە دوای ئەوەی خانووەکەی ناو مەزراکە دەسووتێت، پاش چەند ڕۆژێک کابرایەک بە سواری ئەسپێکەوە دێت و نینای بچکۆلە لەگەڵ خۆیدا دەبات و بە هەتیوخانەیەکی دەسپێرێت. دواتر کابرایەک کە ناوی ئۆریبەیە لە هەتیوخانەکە هەڵیدەگرێتەوە و دەیباتەوە بۆ لای خۆی کە بە تەنیا دەژی. پاشان لە یارییەکی کاغەزدا قومار لەسەر کچەکە دەکات و دەیدۆڕێنێت بە کابرایەک کە ناوی کۆنت تۆریلاڤیدە، ئەویش دەیباتە لای خۆی و دوای شانزدە مانگ دەیکات بە هاوسەری خۆی.

کۆنت سێ کوڕی لە نینا دەبێت، بەڵام بە ناوی نیناوە بانگی ناکات، بەڵکو ناوی دەنێت "دۆناسۆل". دوای دەیان ساڵ کۆنت بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەمرێت و پاش مردنی، خزم و کەسوکارەکەی کۆنت بەو بیانووەی دۆناسۆل شێتە، لە کوڕەکانی و لە موڵکەکانی کۆنت بێبەشی دەکەن و بۆ شێتخانەی دەنێرن. بەڵام

دوای دوو ساڵ نینا لە شێتخانەکە هەڵدێت.

بە هەرحاڵ ئەم گفتوگۆیەی نێوان نینا و پێدرۆ گفتوگۆیەکی درامایی وەها سیحرئامێزە، کە بە هێزێکی سەیرەوە خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەبات و لە میانی ئەم گفتوگۆیەوە گەلێ لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجییەکانی ئەم دوو کارەکتەرە و تێڕوانینەکانیانمان لە ئاست شەڕ و ترس و خۆشەویستیدا بۆ دەردەکەوێ.

نینا لە ڕێی بەقسەهێنانی پیدرۆوە بە دنیا ناشیرینەکەی شەڕمان ئاشنا دەکات، کاتێک لێی دەپرسێت بە چ بیانوویەک باوکی و تەنانەت برا بچکۆلەکەشیان کوشت، پیدرۆ دەڵێت کە ئەوان کاتی خۆی شۆڕشگێڕ بوون و بە ناوی شۆڕشەوە و لە پێناوی بەدیهێنانی دونیایەکی باشتردا ئەو کارەیان ئەنجام داوە، بەڵام نینا لێی دەپرسێت ئاخۆ ئەو دونیایەی کە ئێستا تیایدان هەر بەڕاستی باشترە لەوەی ئەوسا؟

پاشان ئایا کەسێک کە بە کوشتنی مرۆڤ و کوشتنی منداڵان ڕابێت، ئاخۆ دەتوانێ لافی ئەوە لێ بدات کە دەتوانێ دونیایەکی ئینسانیتر بۆ خەڵک

بهێنێتە دی؟ ئایا كەسێك كە خۆی دەستی بە خوێنی ئینسان و بە خوێنی منداڵان سوور بێت، دەتوانێ لافی ژیانێكی جوان و ئینسانی بۆ مرۆڤەكانی تر لێ بدات؟ یان وەكو نینا دەڵێت بۆ هەتاهەتایە تارماییەكانی ئەو قوربانییانە ڕاوی دەنێن و هەرگیز هەست بە ئارامی ناكات، هەروەكو چۆن پیدرۆ هەرگیز هەستی بەو ئارامییە نەكردووە؟ ئەم بیرۆكەیەی ئەلیساندرۆ باریكۆ شانۆنامەیەكی ئەلبێر كامۆمان وەبیر دێنێتەوە كە ناوی "دادپەروەران"ە و باس لە گرووپێكی شۆڕشگێڕ دەكات لە سەرەتای سەدەی بیستدا و لە ڕووسیای قەیسەریدا، گرووپەكە پلانێك بۆ كوشتنی دۆك دادەنێن و سەعاتی سفری كوشتنەكەی دیاری دەكەن و ئەركەكەش بە ئەندامێك لە ئەندامەكانی گرووپەكە دەسپێرن، كە لە شوێنی دیاریكراودا چاوەڕێی ئۆتۆمبێلەكەی دۆك بێت، كە بەوێدا تێپەڕی یەكسەر نارنجۆكێكی بۆ فڕێبدات و بیكوژێت. بەڵام كاتێك ئۆتومبێلەكە لە كاتی دیاریكراودا بەوێدا تێدەپەڕێت، دۆك هەر خۆی بە تەنیا نابێت و دوو منداڵیشی لەگەڵدا دەبێت، بۆیە كوڕەكە نارنجۆكەكە فڕێ نادات تا منداڵەكان نەكوژێت. بەڵام كاتێك گرووپەكەی لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵیدا دەكۆڵنەوە،

تاوانباری دەکەن بەوەی ئەرکەکەی سەرشانی بەرامبەر بە شۆڕش جێبەجێ نەکردووە و دەڵێن ئاسایی بوو گەر منداڵەکانیش لەگەڵیدا بکوژرانایە. ئەم لە وەڵامدا دەڵێت کە منال ڕەمزی پاکێتی و بێگوناهییە و کوشتنی منالان کارێکی ئابڕوومەندانە نییە و گەر هەر شۆڕشێک بە هەر بیانوویەک منالان بکوژێت، ئەو شۆڕشە دژ بە عەدالەت و بەها ئینسانییەکانە، تەنانەت گەر ئەو بیانووە کوشتنی ستەمکارێکی وەک دۆکیش بێت.

نینا لە ڕێی دواندنەکانیەوە بە ڕادەیەک کار لە پیدرۆ دەکات کە ئیدی ویژدانی ئازار دەچێژێت و لەوە زیاتر بەرگە ناگرێت و خوڕخوڕ دەست دەکات بە گریان، گریانێکی ئاشکرا کە سەرنجی زۆربەی کەسانی ناو کافێکە ڕادەکێشێت.

ئیدی پیدرۆ برستی لێ دەبڕێت، بۆ قوتاربوون لەو دۆخەش داوا لە نینا دەکات کە چیی دەوێت بیکات و وازی لێ بهێنێت و لەو عەزابە ڕزگاری بکات. بەڵام لێرەدا و بە پێچەوانەی ئەوەوەی کە خوێنەر چاوەڕێی دەکات، نینا بە پیدرۆ دەڵێت پێی خۆشە پێکەوە بچنە شوێنێک و دلداری بکەن. دوای هەموو ئەو کوشتن

و برینانە، دوای هەموو ئەو دەردەسەری و ئازارانە، باریکۆ دێت و خۆشەویستی دەکاتە هێزی ڕزگارکەر بۆ کارەکتەرەکانی، ئەو خۆشەویستییەی کە فرمێسکەکانی عەزابی ویژدان و ڕق و کینە پەنگخواردووەکانی ناو ڕۆح دەسڕێتەوە و هێز بە ژیان و بە ماناکانی ژیان و بە وزە ئینسانییەکانی ئەو دوو مرۆڤە دەبەخشێتەوە.

دواجار باریکۆ دەیەوێ پێمان بڵێت کە تۆڵە هەمیشە تۆڵەی تر و خوێنڕشتنی تری بەدوادا دێت، بەڵام ئەوە خۆشەویستی و گیانی لێکبوردنە کە مانا جوانەکانی ژیان و ئینسانمان بۆ دەگەڕێنێتەوە. ئەو نیگایەی کە بە منالی لە یادی نینادا بەرامبەر بە پیدرۆ (تیتۆی ئەوسا) جێگیر بوو، کاتێک ژیانی ڕزگار کرد و هەستێکی نامۆ دایگرت، پێدەچێت هەمان هەستیش لە ڕۆحە بچکۆلانەکەی نینادا ورووژابێت و تا پیریش بوو ئەو هەستە هەر بە منالی مایەوە، بۆیە ئەمیش لەبری ئەوەی پیدرۆ بکوژێت، خۆی ئەداتەوە دەست ئەو هەستەی منالی و بە گەڕانەوە بۆ ئەو منالییە لە تەپوتۆزەکانی شەڕ و تۆڵە و خوێن پاک دەبنەوە و لە کەشێکی بێ خوێندا بە عیشقەوە ئامێز بۆ یەک والا دەکەن.

وەکو لە سەرەتادا وتمان ئەم ڕۆمانە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت، لە کاتێکدا بەشی یەکەم کابووسی شەڕ و کوشتن و خوێنڕشتن بەسەریدا زاڵە و ڕووداوەکان ڕیتمێکی خێرایان هەیە و تاریکی باڵی بەسەر شوێن (کێڵگەکە) و کارەکتەرەکاندا کێشاوە، بە پێچەوانەوە لە بەشی دووەمدا ڕیتمێکی لەسەرخۆ دەبینرێ و جۆرێک لە ڕۆشنایی شوێن (کافێکە) و ناخی کارەکتەرەکان (تروسکەی خۆشەویستی) دەتەنێتەوە.

لە سەردەمێکدا کە شەڕ و کوشتن تێیدا بە جۆرەها بیانوو پاساو دەدرێتەوە و لۆجیکی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینە تیایدا باڵادەستە (هەر وەکو چۆن بە زەقی ئەم دۆخە لە کۆمەڵگەکەی خۆشماندا دەبینینەوە)، ئەم ڕۆمانە ئەو ڕاستییەمان دەخاتەوە یاد کە تاقە ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەکان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ ژیاندا، ڕێگەی لەیەکبوردن و خۆشەویستی و ڕێگەی کەشفکردنەوەی ڕەهەندی ئینسانییە لە ئادەمیزادەکاندا، وەک چۆن نینا ئەو ڕەهەندەی لە پیدرۆدا کەشف کردەوە و دونیایەکی بچکۆلەی "بێ خوێن"ی بۆ هەردووکیان خوڵقاندەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی ئەم ڕۆمانەی

باریکۆش وەکو هەندێ لە ڕۆمان و کارەکانی تری (بۆ نموونە ئاوریشم و نۆڤێچێنتۆ کە پێشتر لەلایەن ئەم وەرگێڕەوە کراون بە کوردی) بە قەوارە زۆر گەورە نییە، بەڵام جیهانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە ڕووداو و حاڵەتی ئینسانی و وردەکاریی سایکۆلۆجیمان بۆ دەخاتە ڕوو، بەمەش دەیسەلمێنێتەوە کە داهێنان بە قەوارە و درێژی و کورتی نییە و زۆرن ئەو ڕۆماننووسانەی سەدان لاپەڕە ڕەش دەکەنەوە و دواجاریش شتێکی قووڵمان پێ نابەخشن. بەڵام لەم کارانەی باریکۆدا زمان بە جۆرێک چڕ دەبێتەوە، کە دەقێکی پڕ دەلالەت بەرهەم دێنێت و خوێنەر ناچار دەکات لە ئاستی زۆربەی دێڕ و پەرەگرافەکاندا هەڵوەستە بکات و ڕووبەڕووی مانا قووڵەکانی ئینسان و جەنگ و خۆشەویستی و ئازادی ببێتەوە.

ماوەتەوە بڵێم کە هیوادارم توانیبێتم لە وەرگێڕانەکەدا بەهاکان و ئیستاتیکا و ئاستەکانی دەقەکە بەرهەم بێنمەوە، ئومێدی خوێندنەوەیەکی چێژبەخشیش بۆ خوێنەری ئازیز دەخوازم.

**ئازاد بەرزنجی**

لە سەردەمێکدا کە شەڕ و کوشتن تێیدا بە جۆرەها بیانوو پاساو دەدرێتەوە و لۆجیکی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و کینە تیایدا باڵادەستە (هەر وەکو چۆن بە زەقی ئەم دۆخە لە کۆمەڵگەکەی خۆشماندا دەبینینەوە)، ئەم ڕۆمانە ئەو ڕاستییەمان دەخاتەوە یاد کە تاقە ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەکان و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ ژیاندا، ڕێگەی لەیەکبووردن و خۆشەویستی و ڕێگەی کەشفکردنەوەی ڕەهەندی ئینسانییە لە ئادەمیزادەکاندا، وەک چۆن نینائەو ڕەهەندەی لە پیدرۆدا کەشف کردەوە و دونیایەکی بچکۆلەی "بێ خوێن"ی بۆ هەردووکیان خوڵقاندەوە.

Rahand

لە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

نرخ: ٢٥٠٠ دینار